

## هەردی عەلائەدین

## یاریزانی تێنسی سەرمێز:

# ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان لاوازەو پێویستە گرنگی زیاتری پێبدرێت

دیمانە: کارزان کانەبی

هەردی عەلائەدین لەدایکبووی ســاڵی ١٩٨١ی شاری ســلێمانییە و یەکێك لە یاریزانە هەرە بەتواناکانی کوردستان و عێراقە لە یاریی تێنســی سەرمێز کە ماوەی بیست ساڵە بەردەوام لەگەڵ ئەم یارییە تێکەڵ بە ژیانی یەکتری بوون. هەردی بۆ چەندین یانەی کوردستان و عێراق یاری کردووە، بەڵام ئەم ماوەیە لە یانەکانی کوردستان دابڕاوە و لە باشووری عێراق درێژە بە ژیانی وەرزشــی خۆی دەدات. ئەو یاریزانە بۆ هەریەك لە یانەکانی (سلێمانی، برایەتی، پێشمەرگەی سلێمانی، ســیروانی نوێ، نەفتی وەسەت، نەجەف) یاری کردووە و خاوەن کۆمەڵێك دەستکەوتە لەگەڵ یانەکان و لە هەڵبژاردەی عێراقیش، ئێمەش لە دەرەفتێك چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد.

*** ئاستی یاریی تێنسی سەرمێز بەگشتی لە کوردستان و عێراق چۆن دەبینی ؟**

- دەتوانم بڵێم ئاســتی یاریی تێنسی ســەرمێز بەرەو لاوازبــوون دەچێت لە کوردســتاندا، ئەمە لە کاتێکدا کە کوردستان لە تێنســدا خاوەنی هەموو ئەنجامە باشەکان بووە و ناوبانگی هەبووە لەو یارییەدا، بەڵام چەند ساڵێك دەبێت لە نازناوەکان دوور کەوتووەتەوە، بۆیە ئێستاش دەڵێم ئاســتی یاریی تێنسی ســەرمێز لە کوردستاندا لاوازە و گرنگیشی پێ نادرێ و بە پێچەوانەوە لە باشووری عێراق و ناوەڕاستیش بەرەو پێش دەڕوات.

*** ئەمســاڵ ئەنجامی باشتان بە دەست هێنا، هۆکاری بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەمساڵ توانیم پلەی یەکەمی خولی نایابی عێراقی بەدەستبێنم بۆ یانەکەم و بەشداریی پاڵەوانێتیی عەرەبیشم کرد لە وڵاتی مەغریب کە پێش چەند رۆژێك گەڕاینەوە، هۆکاری ئەنجامی باشمان بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە یانەکەمان گرنگیی زۆر بە یاریی تێنسی سەرمێز دەدات.

*** هێنانی یاریزانانی پیشــەگەر تا چەند سوودی بۆ وەرزشی کوردستان دەبێت ؟**

- هێنانــی یاریزانانــی پیشــگەر بێگومان ئاســتی خولەکان بەرز دەکاتەوە، لە هەمان کاتیشــدا زیانێکی زۆر دەگەیەنێت بە یاریزانان لە رووی بەشداری نەکردنی ئەوان لە پاڵەوانێتییەکەش، ئەوەش کاریگەری لەسەر یاریزانەکە دەبێت.



*** چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێش بردنی ئەم یارییە و کۆسپەکانی بەردەمی چین؟**

- بە بۆچوونی من تێنسی سەرمێز لەوپەڕی ئاست بەرزیدا بوو لە کوردستان، بەڵام بەهۆی پشتگوێخستنی یانەکان ئەو ئەنجامە باشانە دوورکەوتەوە لە کوردستان، بۆیە داوا لە هەموو یانەکان دەکەم کە یاریی تێنسی سەرمێز پشتگوێ نەخەن، لە هەمان کاتدا قوتابخانەیەکی فێرکاری دروست بکرێت تاکو ئەم یارییە بەرەو پێش بڕوات.

*** بۆچی ئێستا ناتبینین لە یانەکانی کوردستان یاری بکەیت؟**

- بەردەوامم و لە خزمەتکردن و لە بەدەستهێنانی ئەنجامی باش دانەبڕاوم لە یانەکان و ئەمساڵیش پلەی یەکەمم بەدەستهێناوە بەڵام لە یانە کوردییەکان تەنیا ئەوەیە دوورکەوتوومەتەوە.

*** بڕیارت نەداوە قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی یاریی تێنسی سەرمێز لە شاری سلێمانی بکەنەوە ؟**

-من ئەگەر لە توانامدا بێت، دەیکەم، بەڵام ئەم بڕیارە دراوە کە قوتابخانەیەکی فێرکاری بکرێتەوە لە شارەکەمان کە جێگەی دڵخۆشییە و هیوادارم بە باشی بەڕێوە بچێت و خزمەتکردن بێت بۆ شاری سلێمانی، نەك خزمەتکردن بێت بە یانەیەك، چونکە ئەوە قوتابخانەیە بۆ شاری سلێمانی بڕیاردراوە، نەك بۆ یانەیە.

*** کێشەوگرفتی سەرەکیتان لە یاریی تێنسی سەرمێز چییە؟**

- کێشەو گرفت زۆرن، خزمەت نەکردن بەم یارییە لەلایەن بەرپرسیارانی تێنسی سەرمێزەوە و کارکردن تەنیا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان کێشەی سەرەکین.

*** بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە ؟**

- بەرنامەم زۆرە ئەگەر خوای گەورە تەمەنمان بدات، پارێزگاری کردن لەو ئەنجامانەی کە بەدەستم هێناون و خزمەتکردنی ئەم یارییە لە شاری سلێمانی خۆشەویست.

*** بیرت لە کاری ڕاهێنەرایەتی نەکردۆتەوە؟**

- بەدڵنیاییەوە بیرم لێ کردۆتەوە، ئەگەر ڕێگەمان بدەن و خزمەتمان بکەن، منیش حەز بە خزمەتکردنی شارەکەم دەکەم.

*** بۆچی زوو زوو یانەکەی خۆت دەگۆڕیت، هۆکاری چییە، ئایا بۆ پارە پەیدا کردنە. یاخود بۆ شتی دیکەیە؟**

- ئەگەر ڕاستگۆیانە بدوێم، وەرزشکردن لە جیهاندا ئیشکردنە ئەو ڕاستییەش ڕوون و ئاشکرایە، من گرنگ ئەوەیە وەرزش دەکەم، ئیتر لە هەر جێگەیەك بێت و هەر یانەیەك بێت، گرنگ نییە، شانازیش دەکەم کە خزمەتێکی زۆری شاری سلێمانی و یانەی سلێمانیم کردووە و ساڵانێکی دوور و درێژ خزمەتم کردووە، ڕێزم بۆ هەموو ئەندامانی دەستەی یانەکەش هەیە.

*** باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان چی بوون؟**

- خاوەنی چەندین مەدالیای زێڕ و زیو و برۆنزیم لەگەڵ چەندین ئەنجامی پلەی یەکەم لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان لەگەڵ یانەکان و هەڵبژاردەی عێراقی.

*** ئێستا لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق نابیندرێیت ئایا بەردەوامی یان دوورخرایتەوە؟**

- بەدڵنیاییەوە بەردەوامم لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق، لە کۆتایی پاڵاوتنی یاریزانان بۆ هەڵبژاردەی عێراق توانیم پارێزگاری لە شوێنی خۆم بکەم .

*** ئەگەر لە کۆتایی شتێکت مابێت؟**

- دەستخۆشی لە گۆڤاری گوڵانی خۆشەویست دەکەم کە بەردەوام هاوکارمانن بۆ ناساندنی یاریزانان وسوپاسی هەموو ئەو کەسانەش دەکەم کە ڕۆژێك لە ڕۆژان دەستیان گرتووم.



# بەرشلۆنە بە بڕیاری دادگـ

دوای ئەوەی دادگای وەرزشی ناسراو بە تاس بڕیاری یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی بەسەر یانەی بەرشلۆنەدا سەپاند کە بۆ ماوەی دوو وەرزی گواستنەوەی یاریزانان لەسـەر یەك ناتوانێت هیچ گرێبەستێك ئەنجام بدات، لە بەرامبەردا یانەی بەرشـلۆنە بـە توندی وەڵامی ئەو بڕیارەی دادگای وەرزشـی دایەوە و بە بڕیارێکی نەگونجـاوی دانا کە تیایدا ئامانج تەنیا سـەپاندنی سـزایە بەسـەر بەرشـلۆنە.لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی ئەلمۆندۆ دیپۆرتیڤۆی وەرزشـی نزیـك لە یانەکەی هەرێمی کەتەلۆنیا بەیاننامەی بەرشلۆنەی بڵاوکردەوە کە تیایدا هاتووە ئەو پرسە زیاتر پەرەدەسێنێ و پەنا بۆ دادگای فیدراڵی سویسـڕا دەبات، چونکە ئەو بڕیارە

## کاڤانی لەیانەی ئەرسناڵ نزیک دەبێتەوە

ڕۆژنامەی ئەکسپریسی ئینگلیزی دووپاتیکردۆتەوە یانەی ئەرسناڵ نزیکترین تیپە کە بتوانێت گرێبەست لەگەڵ یاریزانی ئۆروگوایی و هێرشبەری یانەی پاریس سان جێرمان ئەدینسۆن کاڤانی ئەنجام بدات لەماوەی گواستنەوەی زستانە. هەروەها ڕۆژنامەی ناوبراو ئاماژەی بەو زانیارییانە داوە کە باس لە دوورخستنەوەی یاریزانی ناوبراو دەکات لە ماوەی ئامادەکاریی زستانەی پاریس سان جێرمان و کردنەوەی دەرگای گواستنەوە لەلایەن کارگێڕی یانەی ناوبراو بۆ فرۆشتنی یاریزان ئەدینسۆن کاڤانی لەوەرزی گواستنەوەی زستانە لەمانگی کانوونی دووەم.

هەروەها ڕۆژنامەی ئەکسپریس ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە یانەی ئەرسناڵ نزیکترین یانەیە بۆ بەدەستهێنانی تواناکانی ئەو هێرشبەرە و بەهۆیەوە گرێبەستێکی باشی پێشکەش کردووە بۆ پتەوکردنی هێڵی هێرشبردن. ئەمە لەکاتێکدایە بەڕێوەبەری هونەریی تیپی ئەرسناڵ ئەرسین فینگەر لە پێشتردا دووپاتی کردبۆوە ئەو هەواڵانە دوورن لە ڕاستییەوە کە باس لە هێنانی هێرشبەری پاریس سان جێرمان دەکەن.





## ـــــــاى وەرزشى رازى نييە

گونجاو نييە، بەڵكو تەنيا ئامانج لەم بڕيارە سەپاندنى سزايە بەسەر يانەكە لە كاتێكى هەستيار كە لەگەڵ پاراستنى ئامانجەكانى يانەكە نييە كە كۆششى بۆ دەكات. هەروەها لە بەياننامەكەدا ئاماژەى بۆ ئەوە كراوە كە بەرشلۆنە نموونەيەكى بەرچاوە لە پێشكەشكردن و گرنگيدان و چاودێريكردنى سەدان منداڵ و پێگەياندنى خاوەن بەهرەكان و گەياندنيان بە لوتكە، بۆيە ئەم بڕيارە جێى هەڵوەستە لەسەر كردنەوە و كاردانەوەى جياى لێدەكەوێتەوە و يانەى بەرشلۆنە سەرجەم ڕێوشوێنە ياساييەكان دەگرێتەبەر لەوانە پەنا بردن بۆ دادگاى فيدراڵى لە سويسڕا بە مەبەستى هەڵوەشاندنەوەى بڕيارەكە.

## لاپۆرتا بەڵێنى هێنانەوەى گواردیۆلا بۆ بەرشلۆنە دەدات



سەرۆكی پێشووی یانەی بەرشلۆنە خوان لاپۆرتا هەوڵ و كۆششی خستۆتەگەڕ بۆ گەڕانەوەی بەڕێوەبەری هونەریی پێشووی یانەكە و ڕاهێنەری ئێستای بایەرن میونشن پیب گواردیۆلا.

ڕۆژنامەی سپۆرت ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە لاپۆرتا گرنگترین ئەو كارەی خستۆتیە سەرووی بەرنامەی خۆی لە ئەگەری هەڵبژاردنی بۆ سەرۆكایەتی بەرشلۆنە گەڕانەوەی هیوایە بۆ یانەی بەرشلۆنە، ئەویش بە گەڕانەوەی گواردیۆلا بۆ سەركردایەتیكردنی تیپەكە. ئەمەو پێشبینی دەكرێت هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی لەنێو تیپی بەرشلۆنە لە ٢٠١٦ ئەنجام بدرێت و لاپۆرتا سەرلەنوێ ببێتەوە سەرۆكی یانەی بەرشلۆنە و دواتر گواردیۆلا بگەڕێنێتەوە ڕاهێنەرایەتی تیپەكەی، چونكە ئەم كارە یەكێكە لە بژاردە بەهێزەكانی لاپۆرتا بۆ بردنەوەی سەرۆكایەتی یانەی بەرشلۆنە.